# بێدەنگیی شەقامی کوردی

عومەر جەلال-چەمچەماڵ
Omargalal2004@yahoo.com

پاش ئەو هەموو دانیشتنانەی دادگا هەر لە تێکچوون و شێواندنی هۆڵی دادگا تادەگاتە ووتارە سیاسیەکانی دیکتاتۆر لە ئە نجامدا بەرواری ( 11/5 ) بڕیاری لە سێدارەدانی دیکتاتۆری سەدە درا ,هەرچەندە بڕیارێکی هێندە چاوەڕوان نەکراوبوو بۆ دۆزێکی ئاوا سادە هەموو تاوانەکانی دیکتاتۆر کەم بکرێتەوە بۆئەم سزایە بۆ دۆزی ( دوجەیل ) کە یەکسانە بە سوکایەتی و فەرامۆشکردن و دیسانەوە سزای قوربانیانی ئەنفال و هەڵە بجەو....

بۆ شەقامی کوردی لەئاست ڕوداوێکی ئاواچاوەڕوان نەکراودا هەڵوێستی خۆی وەرنەگرت؟؟ئایا بۆ شەقامی کوردی لەسەر بچوك ترین پێداویستی تەنانەت زۆر سات بۆ لیترێك بەنزین خۆپیشاندان و تێکچرژان و گەورەکردن و ڕەنگردنی کێشەکان دەکرێت ,لەکاتێدا کە سوکایەتی بە دایك و خوشك و منداڵ و کەس و کاری ئەنفال و قوربانییەکان دەکرێت ,گەورەترین بێدەنگی لەشەقامی کوردیدا بەدیدەکرێت,نەبینرا لە هیچ شارو شارۆچکەیەك تەنانەت خۆپیشاندانێکی هێمنانە بکرێت دژ بەو دادگایە کە بووە هۆی لاوازکردنی ئەنفال وەك جینۆساید و بەجیهان ناساندنی,کە من پێم وایە و بە بڕوای زۆر لە نووسەران و ڕۆشنبیران ئەمە دەستێوەردانی سیاسەتیئەمریکای لە پشتەوەیە ,بۆ ئەوەی لە سزادانی دیکتاتۆر بەئەنفال و هەڵەبجەدا دەستێوەردانی ئەمریکا بە دوور بگرێت,یان بەمانەیەکی دی وویستی ئەمریکا ئەوەیە کەمتر قسە لەئەو دۆزانە بکرێت کە لەسەری دەکەوێت,وەلێ ئەمریکا وەك هێزێك لە دەیەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا یارمەتی تەواوی هێزەکانی عێراقی داوە دژ بە ئێران و لە ناوبردنی کورد,مەرجی ئەمریکا لەدادگایەکەدا شاردنەوەی ئەو هەڵە گەورانەبوو کە کاتیخۆی کردوونی.هەرچەندە هەنووکە ئەو بڕوایەی لەدەست داوە کە گەلی عێراق بڕوایپیٚ ی بکات بەتاییەت میللەتیکورد,لەچاوەڕانی دەوڵەتێکی فیدراڵ و سەربەخۆ ,بەهەرحاڵ بیرۆکەی سیاسەتی ئەمریکا و دەستێوەردانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا ,ڕووداوی نوێی بەدوادا دێت ,هەروەك چۆن لەسەرەتاوە بە شکستێکی گەورەوە ڕووی لە ڕووداوەکان کرد و پێشنیاری ئەوشکستە کەورەیەی نەدەکرد لە داگیرکردنی عێراقدا.

میللەتی کورد زۆر بە خۆشباوەڕییەوە بڕوای ڕەهای بەئەمریکا هەیە لەناوچەکەداو هەروەها دەبێت ئاگاداری وهۆشداری تەواو لای شەقامی کوردی درووستبێت بەتاییەتی سەرانی کورد کە هەموو مۆراڵی سیاسەتانەو چارەنووسی کوردیان داوەتە دەست ئەمریکا,بە بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێت,ئایا گرەنتی چیە ئاڵۆزی و ناتەواوی و کوشتن و برینی ناوجەرگەی عێراق بەتاییەتی ناگواسترێتەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان؟ ئایا شەقامی کوردی بۆ هیچ هەڵوێستێك وەرناگرن بەرانبەر بەو ئیشکردنانەی عەرەبەشۆڤینی و وولاتی تورکیا بۆ سڕینەوەی شوناسی کوردبوونی کەرکوك.کەئەمەرەنگە یەکێك بێت لەفاکتەرەگەورەکانی شکستی سیاسەتی کوردی,دەبایە شەقامی کوردی چ دی بێدەنگ نەبێت و سیاسەتیکوردی هۆشدارکاتەوە لەو بێئاگاییە وسازشکردنە لە کەرکوکدا بەتەواوی لە یاد نەچێتەوە ,لە کاتێکدا بەر لەرووخانی ڕژێمی بەعسیزم ئەو ئاکتیڤبوونەی شەقامی کوردی و سەرانی کورد لە ئاستێکی زۆر بە هێزدا بوون ,زۆر ئەفسووس پاش چوونە بەغدا و وەرگرتنی پۆستی پلە باش کە لەتوانای سیاسی کوردیدا هەبوو بۆ باشتر کردنی دۆخی کەرکوك ,کەچی لەئاستی ئەوەدا نەبوو کە

بەر لەرووخانی بەعس خەونی پێوە دەبینرا, جگە لەوەی کە پاشماوەی ڕق و ئەو شکستانەی کە لەشەڕی ناوخۆدا مابوونەوە کەرکوکیان کردە سێنتەری خۆیان ,ئەوەندەی پارتەکوردیەکان ئەم سێ ساڵی پاش نەمانی بەعس لە کەرکوك دا بوون هێندەیلەهەوڵی شەرە پەرۆ حیزب حیزبێنەدا بوون نیو هێندە ئیشیان بۆ ئاسای کردنەوەی دۆخی کەرکوك نەکردووە ,ڕەنگە دەرە نجامەکانی کارەتیرۆریستیەکان و زۆر بوونی ڕێژەی عەرەب باشترین گەواهیدەری ئەم ڕووداوانەبن.

ئەو بێدەنگیەی ئەمرۆ لە شەقامی کوردیدا دەبینرێت ئەگەری زۆرە کاردانەوەی نێگەتیڤی هەبێت لەروانگەی هەستی نەتەوایەتی و دۆخی سیاسی ئەمرۆ,ئەوەندەی تاکی کوردی ئەمرۆ ئیش لەسەر بچووك کردنەوەی کێشەکان دەکات لە ڕابردوودا نەیدەکرد,دوو هۆکار زۆر گرنگە ئەمرۆ شەقامی کوردی لێ بێدەنگ نەبێت هەروەك چۆن بۆ گەندەڵی و کەمی کارەبا ئاو و پێداویستیە سەرەکیەکان خۆپشاندان دەکرا لەوە گرنگتر ئەوەیە ئەمرۆ شەقامی کوردی چی دی لەئاست ڕووداوەکان بێدەنگی هەڵنەبژێرێت هەروەك چۆن لە بڕیاری سزای دیکتاتۆردا رووی دا ,ئەمە ناکاتە ئەوەی شەقامی کوردی هیچ رۆڵێکی نەبووە لە ئاست ڕووداوەکان دا بەڵام بە پێی پێویست ئیش لەسەر کارەساتە گەورەکان نەکراوە ,کەدەبوایە یەکدەنگی شەقامی کوردی زۆر لەوە بە هێزتربوایە کە ئەمرۆ لە ئاستێکی سست و لاوازدا دەبینرێت.